www.kurdistannet.org
4-7-2006 14:48:57 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا



# غەزەل ... ح.س. سۆران

نوختەیی سەر دوندی بەرزی هەستی ئینسانە غەزەل،
كووچە باغی سەوزی بیری شاری هەستانە غەزەل .
بۆ برووزی مافی هۆز و دەربڕینی دەردە كورد ،
مەڵهەمی ناسۆری زامی دەردی كوردانە غەزەل .
كانی گەنجی مرخی شازە ، پڕ لە پەندە و فەلسەفە ،
كەشتی ئەفكاری مەندی گۆلی عیرفانە غەزەل .
كاتی ماتی و رەنجەڕۆیی و لانەوازی هۆش و لەش ،
جەوهەری ئێكسیری رۆحە ، داو و دەرمانە غەزەل .
بۆ پیاسەی هەستی تاسە و سۆزی دەمسازی ئەوین ،
خەڵوەت و زەنوێر و شەنگە ، چەشنی جێژوانە غەزەل .
سەمفۆنی وێژە و خەیاڵە ، نۆتی مێلۆدی بەیان ،
سازی دەمسازی ئەوینە ، باغی مەستانە غەزەل .
رێنوێنی رێی مرۆڤە بۆ ترۆپەی بەرزی ژین ،
دوژمنی پەستی و دهۆیە ، دژ بە وێستانە غەزەل .
بەرهەمی بۆچوونی وردی ، حەزرەتی نالی و ئەدەب ،
ئاڵوباڵوی شارەزوور و شاری بۆكانە غەزەل .
بۆ وەڵامی زوڵم و زۆر و كێشەجاڕی ناحەزان ،
ئەسڵەحەی بێ دەنگی دەستی مامە سۆرانە غەزەل .